Vision Foundation
for Strategic Studies
دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# مەترسییەکانی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لەسەر خێزان و هەرزەکاران


**توێژەر:**
هێمن عبدالقادر عبدالکریم


**٢٠٢٥**


Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

# بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

**جۆری بڵاوکراوە:**
توێژینەوەی زانستی

**بابەت:**
کۆمەڵایەتی

**توێژەر:**
هێمن عبدالقادر عبدالكريم

---

**بەیاننامەی دامەزراوەکە:**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیژییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

**تێبینی:**

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٥
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

# مەترسییەکانی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لەسەر خێزان و هەرزەکاران

## پوختە:


توێژینەوەکە لە کۆمەڵێک بابەت و باس پێکدێت، کە دابەشدەکرێن بەسەر چەند تەوەرێکدا، بەشی هەرە زۆریان لە داتاکان کە ئاماژەی پێدراوە لەو ئامار و داتایانەیە کە لە دەزگا فەرمییەکانەوە وەرگیراون و ڕادەی مەترسی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ ڕووندەکاتەوە لە سەر ژیانی تاک، خێزان و هەرزەکاران. توێژینەوەکە کێشەی تایبەت بەخۆی هەیە وەک هەموو توێژینەوەکانی تر هەر وەکو چۆن ئامانج، گرنگی و گریمانەی خۆی هەیە و لە کۆتاییدا هەوڵدراوە لە راسپاردە و دەرئەنجامەکان وەڵامی گریمانەکان بدرێتەوە.
هەروەها توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە میتۆدی (وەسفی، مێژوویی و ئاماریی) واتا وەسفی دیاردەکە دەکات، مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی باسدەکات لەگەڵ لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی، هەروەها بۆ ڕاڤەکردنی زانیاری و گریمانەکانی پشتی بە ئامارەکان بەستووە. لە کۆتاییدا دەرئەنجامەکان خراونەتەڕوو لەگەڵ کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیار بۆ تاک، خێزان، لایەنە پەیوەندیدارەکانی میریی و دەزگا یاسادانەرەکان و میدیاکان.

## پێشەکی:

دیاردەی خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرامبەر هەموو ڕەگەز و چینەکانی کۆمەڵگا لەمڕۆدا بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و لە وڵاتانی پێشکەوتوو توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر لەم دیاردەیە دەکرێت بەتایبەتی لایەنی (تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەکنەلۆژی، ڕاگەیاندن.. هتد) بۆ کەمکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی تاکەکان، بەڵام هەرچەندە مێژوویەکی کەمە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە بەڵام کەم نین ئەو ڕووداو و کارەساتانەی بەسەر تاک و خێزان و مرۆڤایەتیدا بەگشتی هاتووە.

بەهۆی لاوازی ئاستی هۆشیاری و خراپ بەکارهێنانی، تەنانەت زۆرجار گەیشتۆتە ڕادەی کوشتن کە ئەوپەڕی لایەنی توندوتیژییە دەرحەق بە مرۆڤ بەگشتی و بەتایبەتی ژنان، ئافرەتان، منداڵ، هەرزەکار و سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگا، هەروەها بۆتە هۆی جیابوونەوەی چەندەها ژن و مێرد یاخود لێدان و سوکایەتی ... هتد، چوارچێوەی ماڵ و خێزانەکانی زۆر کەسی لەم کۆمەڵگایەدا هەڵوەشاندۆتەوە، گەرچی هێشتا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی کەم لەم بوارە ئەنجامدراون بەڵام وەك ئەرکێکی ئەخلاقی، مرۆیی، پیشەیی و بەرپرسیارێتی هەستاین بەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خێزان و هەرزەکاران و لێکەوتە توندوتیژییەکانی. ئەم لێکۆڵینەوە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چین؟ خێزان چییە؟ توندوتیژی چییە؟ هەرزەکاران کێن؟

ئایا کێ بەرپرسە لەهەر توندوتیژییەک بەرامبەر خێزان و هەرزەکار بکرێت لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، حکومەت، ئاستی هۆشیاری، کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن و یاساکان؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر هەستاین بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

## کێشەی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەك دوای سەرهەڵدانی دیاردەیەك ئەنجام دەدرێت کە لە ساتی یەکەمەوە شتێك نەبووە ناوی دیاردەکە بێت، بەڵکو سەرەتا وەك حاڵەتێك لێرەو لەوێ، بەڵام کاتێك دەبێتە دیاردە ئیتر پرسیارەکان مێشکی توێژەر دەجوڵێنێت بۆ لێ توێژینەوەی ئەو دیاردەیە بۆ گەیشتن بە چەند دەرئەنجامێك و دەستکەوتنی وەڵامی پرسیارەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە بابەتەکانی توندوتیژی دژی خێزان، ئافرەتان و هەرزەکاران کارێکی پێویستە و بۆیە ئەو کێشەیەی کە پاڵی پێوە ناوین بۆ ئەوەی هەستین بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خراپ کەڵك وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی. بەتایبەتی لەسەر چینێکی گەورەی کۆمەڵگا یاخود بەشێکی سەرەکی گەورەی کۆمەڵگا کە بریتیە لە خێزان و هەرزەکاران کە توێژێکی سەرەکی گشت کۆمەڵگایەکن بە مەبەستی دەست خستنەسەر ئێش و ئازارەکانیان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە ڕووبەڕووی چەندین توندوتیژی و هەڕەشەی جدی بوونەتەوە تەنانەت گەیشتۆتە ڕادەی کوشتن هەروەها کەمی گرنگیدانی ناوەندە ڕۆشنبیری، ڕاگەیاندنەکان، دامەزراوە حکومی و نا حکومییەکان بەم مەترسییە کە پاڵنەرێکی ترە و هانی توێژەرانیداوە بڕۆن و هەوڵی دەستکەوتنی وەڵامی گونجاو بدەنەوە.

## گرنگی توێژینەوە

١. کەمی ئەو توێژینەوە زانستیانەی کە لێکۆڵینەوە لە دیاردە خراپەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و کاریگەرییەکانی دیاریدەکات لەسەر چینی خێزان و هەرزەکاران لەگەڵ هەموو ئەو هەڕەشە و توندوتیژیانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

٢. قسەکردن لەسەر توێژێکی گرنگی کۆمەڵگا کە خێزان و هەرزەکارانن کە تا هەنووکەش جگە لەوەی کە بێبەشن لە زۆر مافی سەرەتایی سەرەڕای ئەوەش ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە لە چەند ڕێگەیەکەوە کە یەکێکیان بریتیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٣. ئەم توێژینەوەیە سەرەتایەکە بۆ توێژینەوە لە گشت ئەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەر خێزان و هەرزەکاران دەکرێت وەك (لاقەکردن، سوتان، دەرمان خواردکردن، هەڕەشە، ڕفاندن، کوشتن، لێدان، بە بارمتەگرتن، پارە و سەرانە، سێکس و ناوزڕاندن... هتد).

٤. گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی زانستی هۆکار و ئەنجامەکانی دیاردەیەکی بێزراو و نا تەندروستی کۆمەڵگا دەخەینە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بەمەبەستی کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە.

٥. گرنگی هەر توێژینەوەیەك لە گرنگی بابەتەکەدا خۆی دەبینێتەوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لەسەر خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بابەتەکانی توندوتیژی خێزان، هەرزەکاران و ئافرەتان هەوڵێکە بەمەبەستی بەرپرسیارکردنی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە، حکومەت و کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١. باسکردن لەو گرفتانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروستیان کردووە.
٢. هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی سەرجەم چینەکان بەتایبەت گەنجان لە مەترسی ئەم دیاردەیە.
٣. هاندانی لایەنەکانی یاسادانان، کەرتی گشتی و تایبەت بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروبارەکانی ئەم بابەتە لە ڕێگەی یاساوە.
٤. دەرخستنی ڕادەی مەترسی ئەم دیاردەیە لەسەر ئێستا و داهاتووی خێزان و نەوەکان.
٥. پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خێزانیی چونکە سەرجەم ئاسایشەکانیتر خوێن لە شادەماری خێزان وەردەگرن.

## گریمانەی توێژینەوە

١. بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری هەیە لەسەر زیادبوونی جۆرەکانی توندوتیژی دژ بەرامبەر خێزان و هەرزەکاران.

٢. ئاستی رۆشنبیریی و ژینگەی کۆمەڵایەتی تاك، کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن، دەوڵەت و یاساکان پێکەوە بە گشتی کاریگەریان هەیە لەسەر زیادبوونی جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە تاکەکانی خێزان و هەرزەکاران.

٣. لاوازی یاخود نەبوونی ئاستی هۆشیاری تاك بەرامبەر بە یاساکانی سزادانی ئەو کەسانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنن کاریگەری هەیە لەسەر زیادبوونی ژمارەی توندوتیژی دژ بە هەرزەکار و خێزان.

## میتۆدی توێژینەوە

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتبەستراوە بە هەریەکە لە رێگا زانستییەکانی وەسفی، مێژوویی و ئامار.

## پەیکەری توێژینەوە - بابەتی توێژینەوەکە دابەشکراوەتە سەر سێ بەش:

بەشی یەکەم: تایبەتە بە مێژووی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دروستبوون، لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی و هۆکارەکانی خراپ بەکارهێنان.
بەشی دووەم: تەرخانکراوە بۆ کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خێزان و زیادبوونی توندوتیژی.
بەشی سێهەم: باس لە کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هەرزەکار، منداڵ و مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی وێنەی منداڵ، زیادبوونی رێژەی تاوان و ئامارەکان دەکات.

## پێناسەی چەمکەکان

چەمك کەرەستەیەکی رەمزییە، بۆ گوزارشتکردن لە مانا، بیر و هزری جیاواز، بەمەبەستی گەیاندنی بەکەسانی دیکە (١). گرنگی چەمك لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا کۆمەڵە هۆکارێکن کە یارمەتی توێژەر دەدەن بۆ نزیکبوونەوە لە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی و بەدەستهێنانی بابەتی بوون و زانستی بوون (٢،١٤،١٣). چەمکەکان یارمەتی دەرن بۆ بەدەستهێنان و دروستبوونی ئەو گریمانانەی کە لە پاش تاقیکردنەوەیان دەشێت ببێتە تیۆری زانستی (٣)، لەبەرئەوەی هەندێك چەمك زیاد لە مانایەکی هەیە بەچەندین شێوە لێکدەدرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچ کەسێك بە هەڵە لە مانا و مەبەستەکەی تێنەگات (٤،١٣).

### یەکەم/ مەترسی

کۆمەڵە پێوەرێکن کە دیاری دەکرێت و دەشێت بێتە پێشەوە و کەسەکە، کارەکە یان کۆمەڵگاکە تووشی زیانی کۆمەڵایەتی، تەندروستی و دەروونی بکات لە ئەنجامی کارێک (١)، یاخود رووداوێکی پێشبینی نەکراو و نەخوازراوە کە روودەدەن و کاریگەری نەخوازراو جێدەهێڵن (٢). یاخود دەتوانین پێناسەی (رێکاری) بکەین، کە مەترسی یاخود مەترسییەکان، بریتین لە هەر شتێك لە ئەنجامی بەکارهێنانی شتێکی ترەوە کاریگەری نەرێنی و خراپ لەسەر رەفتار، پەیوەندی و تەندروستیمان دروست بکات (٦).

### دووەم/ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

ئەو پێگە و بەرنامانەن کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کارئاسانی دەکەن بۆ بەکارهێنەرانیان بە مەبەستی پەیوەندیکردن، ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیروڕاکانیان لەرێگەی کۆمپیوتەر یاخود مۆبایل و ئامێری خانمیی جولاو (١،٢٣،١٧).

بەشێوەیەکی هونەری بەرنامەڕێژکراون بە مەبەستی بەیەکگەیشتنی خێرا و ئاسان لەلایەن بەشداربووان و هاوبەشەکانیانەوە (٢). چونکە پێگە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگایەکی ئاسانن بۆ گەیشتنی بەشداربووان بەخێراترین کات بەیەکتری (٣). دەتوانین بڵێین پێگە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو کۆمەڵگا نوێیانەن کە دەتوانن زۆرترین بەشداربوو لەسەرتاسەری جیهان پێکەوە گرێبدەن و زۆرترین ئاڵوگۆڕ لە کەمترین ماوەدا جێبەجێبکەن و لایەنی باش و خراپ لەخۆدەگرێت (٢٢،١٧).

## سێیەم/خێزان

کۆمەڵناسی ئەمریکی (چارلز کولی) پێی وایە خێزان بریتییە لە گروپێکی سەرەتایی مەبەست لەو گروپە بچووکەیە کە بە چەند سیفەتێك دەناسرێنەوە، وەك پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان ئەندامەکان و هاوکاری نێوانیان و یەکڕیزی ئامانجەکانیان (١).

لەکاتێکدا (ئیریك فرۆم) وا پێناسەی خێزان دەکات کە هێزێکی دەروونییە بۆ کۆمەڵگا گرنگی تایبەتی هەیە بۆ منداڵ و هەستی تەنیایی لای منداڵ کەم دەکاتەوە، واتا سەرکەوتنی مرۆڤ لە ژینگەی خێزاندا پێداویستییەکی حەتمییە، بۆ دروستبوونی کەسێتییەکی سەرکەوتووی دوور لە نەخۆشی دەروونی، بەو پێیەی کە خێزان هانی تاك دەدات کە بەسەرکەوتوییەوە بتوانێت کاروبارەکانی تری ژیان ڕاپەڕێنێت (٢). یاخود خێزان کۆمەڵە کەسێکی سروشتین پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی پێکەوەیان دەبەستێتەوە، تاکو پلە چوار هەر کەسێك لەوانەی بەیاسا خراونەتە پاڵ خێزان (٣). پێناسەی ڕێکاری خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە، پێك دێت لە ژن و مێرد، یان ژن و منداڵ، یان باوك و منداڵ، یاخود کەسانی تر کە بەهەر هۆکار و پێناسەیەکی تایبەت دەکەونە ناو خێزانەوە، کە تیایدا تاك لە دایك دەبێت و گەورە دەبێت و گەشەی تێدا دەکات و سەرجەم ڕێوڕەسم و سرووتە ئاینیی و کۆمەڵایەتییەکانی لێوەردەگرێت و فێریان دەبێت (٥،٦).

## چوارەم/هەرزەکار

یەکێك لە دەروونناسە دیارەکانی گەشەکردن بە ناوی Hoygerhurst پێناسەی هەرزەکار بەم تایبەتمەندی و ئامادەکارییانەی خوارەوە دەکات:

ئارەزووی ئازادی لە هەژموونی دایك و باوك، مەیلی پەیوەندیکردن لەگەڵ هەرزەکارانی دیکە، ئارەزووی هەڵبژاردنی کار و ئامادەیی بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتی، هەوڵدان لەڕێگەی هەبوونی سەربەخۆیی ئابووری، مەیلی هەڵبژاردنی هاوسەر و دەستپێکردنی خێزان، ئامادەیی بۆ تێگەیشتن لە بەها ئاکاریی و ڕۆحییەکان، ئاگایی بەرامبەر سنووردارکردن و تواناکانی خۆی و ئەوانی دیکە، پێویستبوونی بە ڕێنمایی و پێشکەوتن بەرەو کامڵبوونی خودی. ئەمانە تارادەیەك گشتیترین و لێکچووترین تایبەتمەندییەکانی هەرزەکارانە. هەر چەندە دەتوانین هەرزەکاری بە قۆناغی نارێکی ڕۆحی تاکەکان پێناسە بکەین، چونکە لەم قۆناغەدا کەسەکە نە لە قۆناغی منداڵییدایە، نە بە باشیش پێگەیشتووە (١،٥،٦).

ئەرستۆ هەرزەکارانی وەك بوونەوەرێکی سۆزدار و ئاگرین پێناسە کردووە کە ئامادەن تەسلیم و گیرۆدەی غەریزەکانیان ببن. ستانلی هۆڵ، دامەزرێنەری کۆمەڵەی دەروونناسانی ئەمریکی و باوکی توێژینەوەی زانستی لەسەر هەرزەکاران، هەرزەکاری بە قۆناغی گرژی و زریانێکی بەهێز زانی کە توانای جەستەیی، هزری و سۆزداری نائاسایی دەگاتە لوتکە (٢).

**مێژووی دروستبوونی پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گرنگترینیان (١٥):**

**فەیسبووک:**

لە ساڵی (٢٠٠٤) لەسەر دەست و بیرۆکەی (مارك زوکەربێرگ) و هاوڕێکانی لە زانکۆیەکی ئەمریکی دامەزرا، کە بریتییە لە گەورەترین و بەناوبانگترین پێگەی کۆمەڵایەتی.

**تویتەر:**

دووەم گەورەترین پێگەیە لەدوای فەیسبووك لەسەر دەستی (جاك دورسی) و (ئیڤان ولیامز) لە ساڵی (٢٠٠٦) دامەزرا.

**یوتیوب:**

لەساڵی (٢٠٠٥)دا دەستی بە بڵاوکردنەوە و پەخشی خۆی کرد وەك گەورەترین پێگەی وێنەیی جوڵاو کە تیایدا وتار، مۆسیقا، ڤیدیۆی گرنگ، کۆمیدی و جەنگ ... هتد تێیدا پەخشدەکرێت و لە ساڵی (٢٠٠٦) لەلایەن گوگڵەوە خاوەندارێتی دەکرێت (١).

**ئینستاگرام:**

لە ساڵی (٢٠١٠) لەسەر دەستی (مایك کریگەر) و (کیفن سیستروم) دامەزرا کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی کورت، لەساڵی (٢٠١٢) لەلایەن فەیسبووکەوە بەبڕی یەك ملیار دۆلار خاوەندارێتی کڕدرایەوە.

**وەتسئاپ:**

یەکێکە لەپێگە گرنگەکان کە تیایدا لەبری ناو ژمارەی تەلەفۆن بەکاردێت بۆ ئاڵوگۆڕی نامە، وێنە و ڤیدیۆ.

**تیك تۆك:**

پێگەیەکە لە پێگە کۆمەڵایەتیەکان کە ڕێگەدەدات بە دابەزاندنی ڤیدیۆی کورت لەچەند چرکەیەکەوە بۆ سێ خولەك، لەساڵی (٢٠٢٠) دا نزیکەی دوو ملیار کەس ئەم ئەپەیان لەسەر مۆبایلەکانیان دابەزاندووە.

## هۆکارەکانی خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

**١. لاساییکردنەوە**

ئەگەر بڕوانینە ئەم خاڵە خێرا تیۆرەکەی زانا (گابرێل تارد)مان بیردەکەوێتەوە کە پێیوایە لە بواری تاوانناسیدا زۆربەی دیاردەکان لە ڕێگەی چاولێکردن و لاساییکردنەوە ڕوودەدات واتە تاك سەرەتا هیچ ئارەزوویەکی تاوانی نیە، یان منداڵێکە و هەست بەو شتانە ناکات وردەوردە لەگەڵ گەشەکردن و دووبارەبوونەوەی ئەو کارانە لە بەرچاویدا، ئەویش هەوڵی لاساییکردنەوەی هاوڕێکانی یان باوك و کەسی لە خۆ گەورەتر دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەمیش بگاتە ڕیزی ئەوان (١،٧،٨).

**٢. خاڵیکردنەوەی دەروون و چێژوەرگرتن**

بەهۆی جەنجاڵبوونی مێشکی مرۆڤ بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕۆژانە دەیکات یاخود دەیسەپێنێت یاخود دەیبیستێ مرۆڤ هەمیشە بەدوای دەلاقەیەکدا دەگەڕێت کە خۆی خاڵیبکاتەوە لەسەرجەم ئەو شتانەی کە باسمان کرد، هەروەها ڕاکردن یاخود دوورکەوتنەوە لەسەرجەمی ئەو بارودۆخەی کە تیایدا ژیاوە یاخود تیایدا دەژی لەوانە گرفتی خێزانی، ئابووری ...هتد، هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانەوە لە ناویاندا (مۆبایل) خۆی خاڵیبکاتەوە، کات بەسەربەرێت و چێژی لێ وەربگرێت، بەڵام نازانێت ئەمە دیسانەوە زیاتر توشی تاوان، نامۆبوون و تەنیایی زیاتری دەکات (٢،٧،٨).

**٣. نەبوون یاخود لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری**

هەرچەندە لایەنی ڕۆشنبیری کاریگەری لەسەر گشت کایەکانی ژیان هەیە، هەتا ئاستی ڕۆشنبیری لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەرزبێت مرۆڤ هەمیشە لە ژیانێکی باشتردا دەژی لەوەی کە هەیە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی ئەو کەسانەی ئاستی ڕۆشنبیریان بەرزە هەمیشە ڕاست دەڵێن و ڕاست هەنگاودەنێن، بەڵکو هەندێك جاریش ئەوانەی کە تاوان دەکەن ئاستی ڕۆشنبیریان زۆر بەرزە بە تایبەتی لە تاوانەکانی تەکنەلۆژی وەك (ئینتەرنێت و مۆبایل......هتد) (١،٧).

٤. لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

**لایەنی ئەرێنی**

١. فراوانکردنی سنوورەکانی پەیوەندیکردن، ئەم پێگانە لە رێیەوە دەتوانرێت کەسی نوێ و سەرچاوەی نوێت لێوە دەست بکەوێت و دەستت بگات بە زۆرترین زانیاری لە شوێنە جۆراو جۆراکان (٢).
٢. کەمکردنەوەی ئەو بەربەستانەی کە لەبەردەم بەیەکگەیشتندان، پێگە کۆمەڵایەتییەکان لەمڕۆدا زۆر سنووریان شکاندووە کە پێشتر دانرابوون لەبواری پەیوەندیکردن و دەست ڕاگەیشتن بەیەکتری (٣).
٣. هۆکارێکە بۆ دروستکردنی ڕای گشتی، لەمڕۆدا پێگە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی گرنگن بۆ وروژاندنی ڕای گشتی زۆر بە خێرایی و دروستکردنی فشار بۆ سەر لایەنە جۆر بەجۆرەکان (١).
٤. هۆکارێکە بۆ برەودان، لەمڕۆدا پێگە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی گرنگی بازرگانی، بەبازاڕکردن و سەرچاوەی پەیداکردنی بەکاربەرن لە جیهاندا لەڕێگەی ئەو ڕیکلامانەی کە پێشکەشی بەکاربەرەکانی دەکات (٢،١٦).

**لایەنی نەرێنییەکان**

١. دەستبەسەراگرتنی وێنە، ڤیدیۆ و ناسنامەی تایبەتی خۆت، خێزان و سەرجەم زانیارییە نهێنی و تاکە کەسییەکان.
٢. لە دەستدانی کاتێکی زۆر لەرێگەی ئەو بابەتانەی کە ڕاتدەکێشن بۆ بەفیرۆدانی کاتێکی زۆر خۆنەویستانە.
٣. شکاندنی تایبەتمەندی و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگا و تاك.
٤. دروستکردنی گۆشەگیری و زۆرێك لە نەخۆشییە دەروونییەکان.
٥. کەمکردنەوەی پەیوەندی و ڕێوڕەسمە خێزانییەکان (١٦).

## چوارچێوەی گشتی - بەشی دووەم

کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خێزان و زیادبوونی توندوتیژی چەندین پێناسەی جۆراوجۆری هەیە بۆ توندوتیژی خێزانی لەڕووی یاسایی، کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە، جگە لەو پێناسانەی کە لەلایەن دەزگا نێودەوڵەتی و تایبەتمەندییەکانەوە پێناسەکراوە، هەر یەکەیان لە گۆشەیەکی تایبەتەوە لێی دەڕوانن (١).

هەموو کردارێك، وتەیەك یان هەڕەشەیەك لەسەر بنچینەی جۆری کۆمەڵایەتی چوارچێوەی پەیوەندییە خێزانییەکان، کە بنیادنراوە لەسەر بنچینەی هاوسەرگیری و خزمایەتی تاکو پلە چوار و ئەوەی بە یاسا خراوەتە پاڵ خێزان کە دەشێت زیان بگەیەنێت لەڕووی جەستەیی، سێکسی، دەروونی و داماڵینی ماف و ئازادییەکان, ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێناسەی کردووە بە (هەر ڕەفتارێك دەربچێت لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی سۆزداری و ببێتە هۆی زیان یان ئازاری جەستەیی، دەروونی و سێکسی بۆ لایەنەکانی ئەو پەیوەندییە)(١١).

پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و لە ناویشیاندا فەیسبوك، ئینستاگرام، تیکتۆك، مەسینجەر و وەتسئاپ .. هتد، بەهۆکارە هەرە خێرا و لەپێشینەکان دادەنرێت بۆ جیابوونەوەی خێزانی و دیاردەی تەڵاق.
ڕۆژنامەی (ئیندیپێدێنت) لەسەر زاری کۆمەڵەی پارێزەرانی ئیتالیا و ئەکادیمیای پارێزەرانی ئەمریکا بڵاویکردۆتەوە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی هۆکارێکی خێران بۆ جیابوونەوەی هاوسەران، بەجۆرێك تەنها لە ئەمریکا ٢٥% حاڵەتەکانی تەڵاق و جیابوونەوە، هۆکارەکەی ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی فەیسبووك.
لە ٤٠%ی حاڵەتەکانی جیابوونەوە و خیانەتی هاوسەرگیری لە ئیتاڵیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاسانکاریانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پەیوەندیگرتندا بەردەستی خستووە، بە تایبەتی مەسینجەر و وەتسئاپ (١).

بەشی ئاڕاستەکردنی خێزانی لە ئیماڕات ڕایگەیاند کە (٥٠٠) دۆسیەی دادگا کە لەبواری توندوتیژی خێزانی تۆمارکراوە، زیاتر لە ٦٠% بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بووە پێگەی (دیفۆرس ئۆنلاین) لە ساڵی ٢٠١١ ڕایگەیاند، کە یەك لەسەر سێی حاڵەتەکانی جیابوونەوەی هاوسەران لە بەریتانیا هۆکارەکەی بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە (٢).

له هەرێمی کوردستان له هەر چوار پرۆسەی هاوسەرگیری یەکێکیان به جیابوونەوه کۆتایی دێت و له پارێزگای سلێمانیش لەهەر سێ پرۆسەی هاوسەرگیرییەك یەکێکیان به جیابوونەوه کۆتایی دێت (١٩).
بەڕێوەبەرایەتیی پلان و ئاماری ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان ئاماری ماملەی ئەنجامدراوی دادگاکانی بۆ ساڵی ٢٠٢٤ بڵاوکردەوه، له کۆی (٥١ هەزار و ١٨ ) پرۆسەی هاوسەرگیری (١٢ هەزارو ٣٨٧) پرۆسەیان به جیابوونەوه کۆتاییان هاتووه بەرێژەی (٢٥.٨%) بەمشێوەیە:

١. پارێزگای هەولێر: له (١٧ هەزار و ٥٩١) پرۆسەی هاوسەرگیری (٣ هەزار و ٨٧٩) پرۆسەیان به جیابوونەوه کۆتایی دێت بەرێژەی (٢٢%).
٢. پارێزگای سلێمانی: له (١٨ هەزار و ٥٢٢) پرۆسەی هاوسەرگیری ( ٥ هەزار و ٧٤٥) پرۆسەیان به جیابوونەوه کۆتایی دێت بەرێژەی (٣١%).
٣. پارێزگای دهۆك: له (١٢ هەزارو ١٩٩) پرۆسەی هاوسەرگیری ( ٢ هەزار و ٣٣) پرۆسەیان به جیابوونەوه کۆتایی دێت بەرێژەی (١٦.٦%).
٤. گەرمیان: له ( ٢ هەزار و ٧٠٦) پرۆسەی هاوسەرگیری (٧٢٨) پرۆسەیان بەجیابوونەوه کۆتایی دێت بەرێژەی (٢٦.٩%) (١).
بەپێی ئاماری پێنج مانگی ئەمساڵ جگە له شارەکانی هەرێمی کوردستان، زۆرترین حاڵەتی جیابوونەوه له عێراقدا له بەغدادی پایتەخت بووه که ١٢ هەزار و ٣٧٣ حاڵەت بووه، لەکاتێکدا ٣٣ هەزار و ٩٤٠ پرۆسەی هاوسەرگیری هەر له بەغداد و له دادگاکان تۆمارکراوه، پارێزگای موسەنناش کەمترین حاڵەتی جیابوونەوەی تێدا تۆمارکراوه که ٤١٨ حاڵەت بووه (١،١٨).
دکتۆر کریستن نۆرتمان دەڵێت "تەکنەلۆژیا به جۆرێك کاریگەری خراپی دروستکردووه که له نێوان پێنج خێزاندا، یەکێکیان توشی لێکترازان و هەڵوەشاندنەوه دەبێت، چونکه تۆڕه کۆمەڵایەتییەکان ڕێگا خۆشکەره بۆ دروستبوونی پەیوەندی نوێ و پەیوەندی نادروست که دواجار خیانەتی هاوسەرگیری لێدەکەوێتەوه". لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی ماڵپەڕه ورووژێنەرەکان که ساڵانه زۆرترین سەردانکەریان هەیه کاریگەرییەکی له ڕادەبەدەر خراپ لەسەر خێزانەکان دروستدەکات. هەروەها چەند زیانێکی دیکەی تۆڕه کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی بۆ ئاشکرا کردوین که تێیدا ئاماژه بەمانه کراوه:
١. کەمبوونەوەی پەیوەندییه کۆمەڵایەتییەکان و یەکتر بینین.
٢.خەڵکی پەیوەندی ڕووبەڕوویان بیر دەچێتەوه و کاتەکانیان تەنیا بەرامبەر شاشه بەسەر دەبەن.
٣.دانیشتنی زۆر و کات بەسەربردن لەگەڵ تۆڕه کۆمەڵایەتییەکان دەبێته هۆی توشبوون بەقەڵەوی.
٤. هۆکارێکی بەهێزه بۆ ئاڵودەبوون و بەهەدەردانی کاتی زۆر (٢).
٥. کاریگەری بۆ بینین و تەندروستی چاو هەیه.
نزیکەی ١٥% هاوسەران پێیانوایه بەکارهێنانی تۆڕه کۆمەڵایەتییەکان کێشەیان بۆ دروستدەکات.

نزیکەی ١٦% هاوسەران ئاماژەیان کردووه که تۆڕه کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکه بۆ دروستبوونی ئیرەیی له نێوان هاوسەران. یەك لەسەر چواری هاوسەران باوەڕیان وایه تۆڕه کۆمەڵایەتییەکان بەلایەنی کەم دەبێته هۆی دروستبوونی دەمەقاڵێ له نێوان خێزانەکان له ماوەی یەك هەفتەدا نزیکەی ٣٣%ی خێزانه نوێیەکان وشەی نهێنی تۆڕه کۆمەڵایەتییەکانیان له یەکتری دەشارنەوه. له توێژینەوەیەکی ساڵی ٢٠١٨ له ویلایەتی کالیفۆڕنیای ئەمریکادا نزیکەی (١٠٠٠) خێزان تووشی جیابوونەوه هاتوون بەهۆی ئەوەی هاوسەرەکانیان ئالوودەی بەکارهێنانی تۆڕه کۆمەڵایەتییەکان بوونە. بەپێی توێژینەوەیەکی تر ئەوه بەدیاردەخات که ئەو خێزانانەی تۆڕه کۆمەڵایەتییەکان بەکارناهێنن به ڕێژەی ١١% دڵخۆشترن لەو خێزانانەی بەشێوەیەکی بەردەوام تۆڕه کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن.
بەپێی ڕاپرسی سەنتەری لێکۆڵینەوه له زانکۆی تێکساس بۆ ماوەیەك چاودێری ئەو هاوسەرانەی دەکرد که تەمەنیان له نێوان ١٨ تا ٣٩ ساڵی دایە، بەکارهێنانی تۆڕه کۆمەڵایەتییەکان به ڕێژەیەکی زۆر نەك تەنها هۆکاره که هاوسەران هەست به نابەختەوەری بکەن، بەڵکو هۆکاری کێشەی خێزانی و پەنابردن بووه بۆ جیابوونەوه. بەپێی توێژینەوەیەك ٢٠%ی هاوسەران بەنهێنی دەچنه ناو هەژماری تۆڕه کۆمەڵایەتییەکانی یەکتر، ئەمەش دەبێته هۆی دروستبوونی شەڕ و ناکۆکی له نێوانیان (٢٠). بەپێی ڕاپرسیەك ٥٠% ئەو کەسانەی تۆڕه کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنن کاریگەری نەرێنی هەبووه لەسەر پەیوەندی خێزانییان (١).

# ئاماری ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان

## خشتەی ژمارە ١ ( هاوسەرگیری و جیابوونەوە - ٢٠٢٤ )

| پارێزگا/ناوچە | کۆی هاوسەرگیری | کۆی جیابوونەوە |
|---|---|---|
| هەولێر | ١٧،٥٩١ | ٣،٨٧٩ |
| دهۆک | ١٢،١٩٩ | ٢،٠٣٣ |
| سلێمانی | ١٨،٥٢٢ | ٥،٧٤٥ |
| گەرمیان | ٢،٧٠٦ | ٧٢٨ |
| کۆی گشتی | ٥١،٠١٨ | ١٢،٣٨٧ |

## خشتەی ژمارە ٢ (وردەکاری زیاتر - ٢٠٢٤ )

| پارێزگا/ناوچە | هاوسەرگیری بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ | هێنانی ژنی دووەم | هاوسەرگیری لە ٥٨ ساڵ زیاتر | جیابوونەوە لە تەمەنی ٥٠-٥٨ ساڵ | هاوسەرگیری لە تەمەنی ٥٠-٥٨ ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢٨ دانە زیادیکردوە | ٤٥ | ٣ ژن<br>١٢ پیاو | ٩ ژن<br>١٤ پیاو | ١٩ ژن<br>٤٥ پیاو |
| دهۆک | ٣٠٠ دانە کەمیکردوە | ٣٤ | ١ ژن<br>٣٠ پیاو | ٢٧ ژن<br>٣١ پیاو | ٩ ژن<br>٤٩ پیاو |
| سلێمانی | ١،٩٠٥ دانە کەمیکردوە | ١٩ | – | – | – |
| گەرمیان | ٨٠ دانە زیادیکردوە | – | – | – | – |

### خشتەی ژمارە ٣ (هۆکاری جیابوونەوە لە پارێزگای هەولێر - ٢٠٢٤)

| ژمارەی جیابوونەوە | هۆکار |
|---|---|
| ٨٢٨ | نەگونجان لەگەڵ یەکدی |
| ٤٢٤ | جیاوازی تەمەن |
| ٦٧ | نەزۆکی |
| ٥٢٣ | داوێنپیسی |
| ٤٩٤ | نەبوونیماڵی جیا |
| ٦٠ | ژنهێنانی دووەم |
| ٣١٦ | تەکنۆلۆژیا، مۆبایل و ئینتەرنێت |
| ٢٣٧ | هۆکاری کۆمەڵایەتی |
| ٢١٧ | هۆکاری ئابووری |
| ١٩١ | ئالودەبوون بە هۆشبەر |
| ٢٩٩ | زیندانیکردن |
| ١ | هاوڕەگەزبازی |
| ١٩١ | هۆکاری دیکە |
| ٢٣ | تووشبوونی یەکێکیان بە نەخۆشی |

**خشتەی ژمارە ٤ (شێوازەکانی کێشە لە نێوان خێزانەکان لە پارێزگای سلێمانی - ٢٠٢٤)**

| شێوازی کێشەی پەیوەندییەکان | ژمارە |
|---|---|
| ناپاکی هاوسەرێتی | ١٥ |
| لەماڵ دەرکردن | ١ |
| ماڵ جێهێشتن | ٣ |
| بێبەشکردن لە سەرمایە و دەرفەت یان خزمەتگوزارییەکان | ١ |
| بوختان | ٩ |
| خەڵەتاندن | ٨ |
| خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن | ١٤ |
| خواردنەوەی مەشروب | ٧ |
| زامدارکردن | ٢ |
| هەوڵی خۆکوشتن | ١ |
| نەخۆشی دەروونی | ٧ |
| بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ١٧ |
| هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ٧١ |
| هاك کردن | ٥ |
| ونبوون | ٤ |
| فێڵ کردن | ٧ |

## خشتەی ژمارە ٥ (هۆکاری جیابوونەوە لە پارێزگای دهۆک - ٢٠٢٤)

| هۆکار | ژمارەی جیابوونەوە |
|---|---|
| نەگونجان لەگەڵ یەکتر | ١٠٦٨ |
| جیاوازی تەمەن | ٦٨ |
| نەزۆکی | ٢٠ |
| داوێنپیسی | ١٢٠ |
| نەبوونیماڵی جیا | ١١٤ |
| ژنهێنانی دووەم | ٠ |
| تەکنۆلۆژیا، مۆبایل و ئینتەرنێت | ١٢٩ |
| تووشبوونی یەکێکیان بە نەخۆشی | ٣ |
| هۆکاری کۆمەڵایەتی | ٢١١ |
| هۆکاری ئابووری | ١٠٥ |
| هۆکاری ئاینی | ٧ |
| ئالودەبوون بە هۆشبەر | ٠ |
| زیندانیکردن | ٣ |
| هۆکاری دیکە | ١٣٥ |

**خشتەی ژمارە ٦ (شێوازەکانی کێشە لە نێوان خێزانەکان لە پارێزگای سلێمانی - ٢٠٢٣)**

| شێوازی کێشەی پەیوەندییەکان/ مانگ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر | ١ | - | - | ١ | - | - | - | - | - | - | ٢ |
| بڵاوکردنەوەی وێنە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی | ٧٤ | ٤١ | ٤٧ | ٥٢ | ٥١ | ٤٣ | ٤٨ | ٤١ | ٢٦ | ٣٣ | ٤٥٦ |
| هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی | ١٤٣ | ٨٥ | ٩٨ | ١٠١ | ١٧٣ | ١٥٤ | ٢٢٣ | ٢٠١ | ١٤٢ | ١٢٨ | ١٤٤٨ |
| بێزارکردن بە تەلەفۆن | ٥ | ٣ | ٤ | ٣ | ٦ | ٣ | ٤ | ٩ | ٧ | ١٢ | ٥٦ |
| شەڕکردن | ٥ | ٢ | ١ | ٣ | ٣ | ٢ | ٦ | ٤ | ٣ | ٤ | ٣٣ |
| ڕێگەگرتن لە هاوسەرگیری | - | - | ١ | ١ | - | - | - | - | - | - | ٢ |
| زۆرلێکردن بۆ لەشفرۆشی | ١ | - | ١ | - | - | - | - | - | - | - | ٢ |
| زەوتکردنی منداڵ | ٢ | ١ | - | ٣ | ٣ | ١ | ٣ | ٢ | ١ | - | ١٦ |
| خەڵەتاندن | ٩ | ٤ | ٦ | ٤ | ١٦ | ١١ | ١٧ | ٢١ | ١٥ | ١٣ | ١١٦ |
| هێنانی ژنی دووەم | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | ١ | ٢ |
| ناپاکی هاوسەرگیری | ١٠ | ٦ | ٩ | ٧ | ١٨ | ١٤ | ١٩ | ١٥ | ١٢ | ١٦ | ١٢٦ |

**تێبینی:**

لە ساڵی ٢٠٢٢، ژمارەی حاڵەتەکانی ئەو کێشانەی پەیوەندیان بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە گەیشتۆتە ٢٣٩٩ حاڵەت کە لە ڕێگەی هێڵی گەرمی ١١٩ی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و خێزان تۆمارکراوە.

کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هەرزەکار، منداڵ و مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی وێنەی منداڵ و زیادبوونی ڕێژەی تاوان و ئامارەکان.

### ١.مەترسییەکانی بڵاوکردنەوەی وێنەی منداڵ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

ڕفاندن، بڵاوبوونەوەی وێنەی منداڵ مەترسی لەسەر ژیانیان دروستدەکات بەتایبەت کاتێك زانیاری تەواوی دەربارەی منداڵەکەی تێدایە، ئەمەش ئەگەری ڕفاندنی لەلایەن باند یان کەسانی خراپەوە زیاد دەکات، بە نموونە ئەگەر خوێندنگای ئەو منداڵە نموونەیی و تایبەت بێت یان بە جلوبەرگی نوێ و زۆر گرانبەهاوە دەرکەوتن ڕەنگە کەسانی خراپ بخاتە گومانی ئەوەی ئەم خێزانە دەوڵەمەندن و بە ڕفاندنی منداڵەکە و مەترسی خستنەسەر ژیانی داوای پارە بکەن، یاخود ڕەنگە تۆ پێگەت هەبێت یان کارەکەت ئەگەری هەڕەشەی هەبێت بەو شێوەیە خۆت و منداڵەکەت دەخەیتە مەترسییەوە (٢١).

ڤیکتۆریا ناش، بەڕێوبەری پەیمانگای ئۆکسفۆرد بۆ ئینتەرنێت جەخت لەوە دەکاتەوە کە بڵاوکردنەوەی وێنەی منداڵ و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی ژیانی وەك ناسنامەی لەدایکبوون، تەمەن و زانیارییە تایبەتەکان مەترسیدارە و ڕەنگە ببێتە هۆی بردن و کۆپیکردنی ناسنامەکەی بەشێوازێك بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات.
ڕەنگە هەندێك وێنەی گەشت و گەڕان تایبەت بێت و هەمووان بە جلوبەرگی تایبەتەوە دەربخات، بەڵام مافی تۆ نییە بەو شێوەیە وێنەی منداڵەکەت بخەیتەڕوو، ڕەنگە لەداهاتوو تووشی شەرمەزاری بکات یان شتێکی دیکە و دواتر کاریگەری دەروونی دروستبکات، بەنموونە زۆرکات دەبینین ئەکتەرێك یان کەسایەتییەکی ناسراو بەهۆی وێنەیەکی کۆنەوە تووشی ڕەخنە دەبێت (٢١).

یادگای زانیارییەکانی فەیسبوك هەرگیز ناسڕێتەوە و دەمێنێتەوە هەرچەندە تۆ بیسڕیتەوە و هەوڵی نەمانی بدەیت ڕەنگە لای تۆ ئیتر نەمابێت و سڕابێتەوە، بەڵام وانییە هەر بۆیە مەترسی لەسەر ژیانی خۆت و خێزان و منداڵەکەت دروست دەکەیت بەتایبەت ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو کەسە پێگەیەکی هەبوو. لایەنێکی دیکە کە زۆر مەترسیدارە لایەنی سێکسی، چونکە کەسانی دەروون نەخۆش زۆرن کە هەوڵی ئەوە دەدەن دەستدرێژی بخەنە سەر منداڵ (٢١،٩).

### ٢. کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر منداڵ و هەرزەکار

دیارە کە پێگە کۆمەڵایەتییەکان ئاستی کاریگەری و جێهێشتنی شوێنەواری دەروونی، ڕەفتاری، کۆمەڵایەتی و یاساییان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت (٢).

بەپێی لێکۆڵینەوەکان لە ٧٥% ئەوانەی مۆبایلیان هەیە لە چینی گەنجانن، هەروەها لە ٢٢% ئەو گەنجانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشدارییان کردووە ڕۆژانە بەلایەنی کەمەوە، دەجار دەچنە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پاشان دەچنە دەرەوە هەروەها لە ٥٤% مەسینجەر بەکاردەهێنن بۆ ئاڵوگۆڕی نامەکانیان (٢٤).

**لێرەدا گرنگترین کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەخەینە ڕوو:**

١. وەستان و ڕێگری لەگەشەکردنی منداڵ و گەشەی ئەندامەکانی.
٢. دوورکەوتنەوە لە یاری و پرسیارییە عەقڵییەکان و ڕوونکردنە ڤیدیۆ.
٣. قەڵەوبوونی منداڵ بەرامبەر شاشە و نەجوڵانی.
٤. فێربوون و بینینی شتگەلێك کە لەگەڵ ئاستی تەمەنی منداڵدا نەگونجاوە.
٥. لاساییکردنەوە و لادان.
٦. گریان و وڕگرتن و درەنگ نوستن.

## ٣. کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زیادبوونی ڕێژەی تاوان

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کارئاسانییەکی زۆریانکردووە لە خێراکردن و گواستنەوە و گەیاندندا جا چ لەڕووی ئەرێنی بێت یان نەرێنی، هەڵبەت لەم بوارەدا تەکنەلۆژیا بەگشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی بوارێکی زۆریان ڕەخساندووە بۆ تاوانکاری لە نێوانیشیاندا تاکەکانی خێزان بەدەر نین لەم مەترسیانە.

١. قۆڵبڕین و پارەخواردن و فرت و فێڵ.

٢. زیادبوونی هەواڵی درۆ.

٣. هاککردن و دەستبەسەراگرتنی زانیارییەکان.

٤. هەڕەشە، تیرۆر و بازرگانی نایاسایی.

٥. ڕیکلامکردن بۆ کەرەستەی نەگونجاو و نایاسایی وەك چەك و مادەی هۆشبەر.

٦. بازرگانیکردن بە ئافرەتان و منداڵ.

٧. ناوزڕاندن و سوکایەتیکردن بەتاکەکانی خێزان و کۆمەڵگا (٩،١٢).

**لەکۆتایدا بەگشتی کاریگەرییە خراپەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەم چەند خاڵەدا دەخەینەڕوو:**

١. دروستبوونی ڕەفتاری پێچەوانە لەلایەن گەنجانەوە کە پێچەوانەی بەها کۆمەڵایەتییەکانە.

٢. هەڵگەڕانەوە لە خێزان و سیستەم و کلتوور.

٣. دژیەکی لە قسە و گوفتار لە کۆمەڵگا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٤. لەبەرئەوەی بەگۆڕانی هۆڕمۆنیدا دەڕۆن لەهەموو چینەکانیتر زیاتر ئەگەری لە خشتەبردن و تاوانکاریان هەیە.

٥. کاریگەری لەسەر نواندنی ڕەفتاری تاوانکاری و لاساییکردنەوە.

٦. لەژێر کاریگەری غەریزە و ڕەمەکدا، ئەگەری لادان و لەخشتەبردن لەتاوانە سێکسییەکاندا زیاترە (١٠).

## ٤. خشتەی ئامارەکانی (هێڵی گەرم)

بە پێی ئاماری هێڵی گەرمی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانی سلێمانی بۆ سێ ساڵ (٢٠١٩، ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ تا مانگی ٩) کۆی پەیوەندی وەرگیراو (١٥،١٦٦) کە بە پێی ڕەگەز و ڕەگەزنامە و شوێنی نیشتەجێبوونی پەیوەندییەکان و جۆری کێشەکان جیاکراوەتەوە.

### خشتەی ژمارە ٧ ( ئاماری پەیوەندییەکان - سلێمانی )

| پەیوەندییەکان | ژمارە |
|---|---|
| پێدانی ڕێنمایی و ڕاوێژ | ١٢،٣٦٣ |
| هەواڵەکردن بۆ سەنتەری ڕاوێژکاری | ٥٣٧ |
| هەواڵەکردن بۆ نوسینگەکان | ١،٨١٠ |
| هەواڵەکردن بۆ تیمی مۆبایل | ٤،٥٦ |
| کۆی گشتی | ١٥،١٦٦ |

## خشتەی ژمارە ٨ ( ڕەگەزی پەیوەندییەکان - سلێمانی)

| ڕەگەز | مێ | نێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژمارە | ١٣،٢٣٥ | ١،٩٣١ | ١٥،١٦٦ |

## خشتەی ژمارە ٩ ( ڕەگەزنامەی پەیوەندییەکان - سلێمانی )

| ڕەگەزنامە | کورد | عەرەب | تورکمان | بیانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ١٤،٨٥٥ | ٣.٤ | - | ٧ | ١،٥١٦٦ |

## خشتەی ژمارە ١٠ ( شوێنی پەیوەندییەکان - سلێمانی)

| شوێن | ناوشار | قەزا | ناحیە | گوند | کەمپ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ١٣،٦٥٦ | ٩٨٥ | ٣٩٥ | ١٢٩ | ١ | ١٥،١٦٦ |

## خشتەی ژمارە ١١ ( جۆری کێشەکان - سلێمانی)

| پەیوەندییەکان | ژمارە |
|---|---|
| توندوتیژی خێزانی | ٥،.٩٩ |
| بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر | ٢ |
| بڵاوکردنەوەی وێنە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی | ٥،٣٧٣ |
| هەڕەشەی کوشتن | ١٥٤ |
| جیابوونەوە | ٦٦ |
| زامدارکردن | ٤٥ |
| شەڕکردن | ١٩٢ |

| پەیوەندییەکان | ژمارە |
|---|---|
| بەزۆر بەشوودان | ٢٤ |
| ڕێگەگرتن لە هاوسەرگیری | ٥٢ |
| زۆر لێکردن بۆ لەشفرۆشی | ٢٢ |
| زەوت کردنی منداڵ | ٦٤ |
| خەڵەتاندن | ٤٧١ |
| هێنانی ژنی دووەم | ٣١ |
| ناپاکی هاوسەرگیری | ٢٨٥ |
| کێشەی میرات | ٢٧ |
| بێبەشکردن لە سەرمایە و دەرفەت یان خزمەتگوزاری | ٤٧ |
| سوکایەتی پێکردن | ٤٢٢ |
| جنێودان | ٤٠٣ |
| بێزارکردنی جەستەی | ٥٩ |
| لێدان | ٤٨٢ |
| لەماڵ دەرکردن | ١٤١ |
| سواڵ پێکردن | ١١ |
| خواردنەوەی مەشروب | ١٢٤ |
| بێزارکردن بە تەلەفون | ٤٨١ |
| هەوڵی کوشتن | ٢٢ |

| پەیوەندییەکان | ژمارە |
|---|---|
| هەوڵی خۆکوشتن | ٨٠ |
| هەڕەشەکردن | ٢٧٥ |
| ونبوون | ١٣٢ |
| گێچەڵ و دەستدرێژی سێکسی | ٩٩ |
| تۆمەت دروستکردن | ١٦٩ |
| بەندکردن لەماڵەوە | ١٧ |
| بازرگانیکردن | ٥٥ |
| بەزۆر جیاکردنەوە | ٣٠ |
| خراپی باری ئابووری | ١٧٠ |
| خراپی باری دەروونی | ٤٠ |
| **کۆی گشتی** | **١٥،١٦٦** |

## ٦. ڕاڤەی ئامارەکان

لە خشتەکەدا بۆمان دەردەکەوێت بە ئەندازە یاخود زیاتریش لەو داوایانەی کە دەچنە دادگا و نوسینگەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانی سلێمانی، خەڵکی پەیوەندی دەکات بەجۆرێك تەنها لە سێ ساڵدا لەشاری سلێمانی زیاتر لە ١٥ هەزار پەیوەندی هاتووە، کە بەشی هەرەزۆری ئەو تاوانانەی کە لەو ئامارەدا ڕوونکراوەتەوە بەشێوەیەك لەشێوەکان ڕەگێکی دەچێتەوە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

لەماوەی سێ ساڵدا (٥،٣٧٣) حاڵەتی خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانمان هەبووە لە هەڕەشە، ڤیدیۆ و بڵاوکردنەوەی ڕەسم و وەرگرتنی سەرانە و بەبارمتەگرتنی خەڵك، ژمارەیەکی زۆری ئەم تاوانانە لەناو جەرگەی شارەکان ڕوودەدەن و هەموو نەتەوە، ڕەگەز و تەمەنێکی تێدایە.

لەکۆتایدا ئامارەکان پاڵپشتی هەموو گریمانەی توێژینەوەکە دەکەن و بەوردی وەڵامەکان دەدات بەدەستەوە.

١. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەمڕۆ بەشێکی دانەبڕاون لە ژیانی نوێی مرۆڤایەتی و تا چەندین دەیەیی داهاتوو دەستکاری سەرجەم لایەنی ژیان و ژیاری مرۆڤایەتی دەکات بۆیە پێویستی بە تێگەیشتن و دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمك و بەها کۆمەڵایەتییەکان هەیە.

٢. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەمڕۆدا زۆرترین کاتی مرۆڤەکان بەگشتی و خێزانەکان بەتایبەتی دەگرن بۆیە دەکرێت لەبری خراپ بەکارهێنان بە باشترین شێوە ئاڕاستە بکرێن لەرێگای هۆشیاری پێدانەوە.

٣. لەمڕۆدا کێشەی دەروونیی هیچی کەمتر نییە لە کێشە ئابووری و ڕامیارییەکان بۆیە ئەم تۆڕانە ئەگەر بە ئاگاییەوە بەکار نەهێنرێت دەبنە سەرچاوەی زۆری فشاری دەروونی لەسەر تاکەکانی خێزان.

٤. لەبەرئەوەی بەرهەمێکی جیهانگیری و مۆدێرنە، ئەگەر دەرگایان لەسەر دابخەین لەپەنجەرەوە خۆیان دەکەنەوە بەناو ژیانی هەمووماندا، بۆیە پێویستی بەوەیە دەست و پەنجە لەگەڵ ئەم دیاردە نوێیە نەرم بکەین و ڕێکیان بخەین.

٥. لەمڕۆدا خەڵکی ئەوەندەی لە بۆشایی و هەوادا قسە، مامەڵە و ڕەفتار لەگەڵ یەکدی دەکەن ئەوەندە لە واقیعدا مامەڵە لەگەڵ یەك ناکەن بۆیە ئەم ژیانە نوێیە دووبارە پێویستی بەرێکخستنەوە و چاودێریکردن هەیە.

٦. خێزان یەکەی بنچینەی هەر کۆمەڵگایەکە، هەر هەرێم، دەوڵەت و ناوچەیەك بتەوێت لە ئاسایشی نیشتمانییەکەی بدەیت دەبێت لە پێشدا لە خێزانەکانی بدەیت و تێکیبشکێنی، مەترسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هیچی کەمتر نییە، لە مەترسی تیرۆر و مادەی هۆشبەر.

٧. ڕێگاکانی پەیوەندیکردن و پێکگەیشتن لەرێگەی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە کورت، خێرا و ئاسانکراون، بۆیە دەستگەیشتن بە سنووری خێزان و پیرۆزییەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە.

٨. گەنجان و هەرزەکاران سەرمایەکی گەورەی هەر میللەت و نەتەوەیەکن، ئەوەی ئێستا لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەگوزەرێ بەگوێرەی ئامارەکانی دادگا، بنکەکانی پۆلیس و هێڵە گەرمەکان، کارەساتێکی گەورەی مرۆییە کە هیچی کەمتر نییە لە کارەساتە سروشتییەکان.

٩. منداڵ قوربانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەم دیاردەیەیە بەهۆی خراپی نمایش و ئەرکی دایکایەتی و باوکایەتیی.

١٠. لەناویاندا ڕەگەزی مێینە دووبارە قوربانییەکی ترە کە زۆرجار چیرۆکەکانیان ناگاتە گوێ و چاوی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

١١. کەمبوونەوەی خەو و کاریگەری لەسەر لایەنە دەماری و جەستەییەکانی هەرزەکاران بە تایبەتی و زیادبوونی توڕەیی، هەڵچوون، هەستی تاوانکاریی و کەمی ئاستی دەرچوون لە ناوەندەکانی خوێندن.

١٢. میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گشتی ڕۆڵێکی خراپیان هەیە لە پێدانی دەرفەت بە کەسانی بێ بەهرە و بەناو بانگکردنیان، کە ئەمەش هاندەرێکی گونجاوە بۆ هەرزەکاران تا بەو ئاڕاستەیەدا بڕۆن.

١٣. زیادبوونی ئاڵوودەبوون بە ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا، هیچی کەمتر نییە لە ئاڵوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان، کە پێوەرە زانستییەکان زیاتر لە (٣) کاتژمێر بە ئاڵوودەبوون ناو دەبەن.

١٤. کەمبوونەوەی چالاکی لە ژیانی ڕاستەقینەدا و زۆربوونی چالاکی لەسەر شاشەکان بەبێ هیچ کار و ئەنجامێك.

## ڕاسپاردەکان

١. دەرکردنی یاسای تایبەت بەرێکخستنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٢. کردنەوەی هۆبەی (ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان) لەناو دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەتدا و دەرکردنی یاسای تایبەت ، یان هەمووارکردنەوەی یاسا کارپێکراوەکان.

٣. هەماهەنگی دروستکردن لەگەڵ لایەنە تایبەتمەندەکانی تری وەك زانکۆ، ناوەندە ئەمنییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەمەبەستی هەواڵەکردنی بەشێك لەو بابەتانەی کە هەڕەشەی جدین لەسەر ژیانی خێزانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٤. گرنگیدانی زیاتر بەو شوێنانەی کە لەبواری خێزانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی کار دەکەن و فراوانکردنی بودجەی هەڵمەتەکانی هۆشیاری سەبارەت بەو بوارە.

٥. بەستنی کۆنفرانسی زانستی ساڵانەی هاوبەش لەنێوان زانکۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەمەبەستی پێشکەشکردنی ڕێگاچارەی دروست بە لایەنە فەرمییەکان

٦. هەمووارکردنەوەی یاساکانی (خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن) بەمەرجێك کاریگەری لەسەر ئازادییە گشتییەکان دروستنەکات و هەماهەنگی و تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی هەبێت، هۆبەیەك بکرێتەوە بۆ ئەو کوڕ و کچانەی کە لەزەممەنی دەستگیرانیدان و ڕوونکردنەوەی مەترسییەکانی ئەم دیاردەیەیان بۆ سازبکرێت.

٧. بڵاوکردنەوە و گرنگیدان بە کۆد، ئاماژە ڕەفتاری و ئاکارییەکان لە ناو کۆمەڵگادا لە ڕێگەی نووسەران، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، مامۆستایانی ئاینی و ڕێکخراوەکان .

٨. میدیا گەورە و بچووکەکان ناچاربکرێن کە دووربکەونەوە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵە خێزانی و تاوانکارییەکان و ئەو بابەتانەی کە هەرزەکار و گەنجان فێری کردەی تاوانکاری و هاندان بۆ ئەو بابەتە دەکەن .

٩. زانیارییە تەکنیکی و تەکنەلۆژیاکان زیادبکرێن، سەبارەت بە مۆبایل و ئامێرە زیرەکەکان، کە تاك چۆن خۆی بپارێزێت بەتایبەت لەناو چینی گەنجان و هەرزەکاراندا.

١٠. دانانی کامێرای دەنگی لەناو پاس و تەکسییەکان بۆ ئەوەی بڕێک لە خراپ بەکارهێنانەکان کەم بکرێتەوە.

١١. هاوبەشیکردن و هەماهەنگی کردن لەگەڵ یاسا کارپێکراوەکانی عێراق و ئەو وڵاتانەی کە ئەزموونیان لەم بوارەدا هەیە .

# سەرچاوەکان


١. سابیر بۆکانی. (٢٠١٦). میتۆدی توێژینەوەی زانستی (چاپی یەکەم). سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا. لا. ٥٣

٢. احسان محمد حسن. (٢٠٠٥). مناهج البحث الاجتماعی (الطبعة الأولی). عمان: دار وائل. ص. ٤١

٣. احسان محمد حسن. (٢٠٠٥). مناهج البحث الاجتماعی (المصدر السابق). ص. ٤٣

٤. إحسان محمد حسن. (٢٠١٢). تیۆری کۆمەڵایەتییە پیشکەوتووەکان (وەرگێڕانی دیدار ئەبوزێد، چاپی یەکەم). هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات. لا. ٩٧

٥. صالح محمد علی أبوجادرو. (١٩٩٨). سیکولوجیه التنشئه الاجتماعییه (الطبعة الأولی). عمان: دار المسیره للنشر والتوزیع. ص. ٤٧

(بەسۆز عبدالقادر. (٢٠٢٢). ڕۆڵی لیژنەی ئاشتی لە ئاڕاستەکردنەوە و گونجاندنەوەی خێزاندا (ماستەرنامە). زانکۆی سلێمانی. لا. ١١)

٦. محمد سعید فرج. (١٩٨٩). البناء الاجتماعی والشخصیه. مصر: دار المعرفه الجامعیه، الاسکندریه. ص. ٢٣٩

٧. أکرم نشأت ابراهیم. (١٩٩٨). علم الاجتماع الجنائی. بغداد: المکتبه الوطنیه. ص. ٢١

٨. بێرکوتس بێرنارد. (٢٠٠١). چۆن دەبێت بە باشترین هاوڕێی خۆت (وەرگێڕانی شێرزاد حسن). سلێمانی: چاپخانەی شڤان. لا. ٧٢

٩. علی محمد. (٢٠٢٠، ٢٥ شوبات). وسائل التواصل الاجتماعی وأثرها علی المجتمع. ص. ١٩

١٠. عزالدین عبدالله یاسین. (٢٠١٧). توندوتیژی سێکسی لەدژی ئافرەتان. لا. ٣٧

١١. یاسای ژمارە (٨) ساڵی (٢٠١١). یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی، هەرێمی کوردستان، مادەی یەک، بڕگەی یەک.

١٢. فارس زین العابدین. (٢٠١٤). تأثیرات مواقع التواصل الاجتماعی علی الأطفال و الفتیات. مجله براعمنا، ع. ٣٨٨، ص.٢٥

١٣. لموسوعة. (٢٠٢٣). مصطلحات البحث العلمي.
HTTPS://ALMAWSOA.COM/%D9%85%D8%B5%D8%B7%D9%84%D8%AD%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%AD%D8%AB-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%84%D9%85%D9%8A/
١٤. البوابة التعليمية. (١٩، ٢٠١٩ تشرینی یەکەمی). المصطلحات والمفاهيم الأساسية في البحث العلمي.
HTTPS://BLOG.EDUCATIONALGATE.COM/%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B5%D8%B7%D9%84%D8%AD%D8%A7%D8%AA-%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%81%D8%A7%D9%87%D9%8A%D9%85-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B3%D8%A7%D8%B3%D9%8A%D8%A9-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%AD%D8%AB-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%84%D9%85%D9%8A
١٥. ڕۆژنامەی هەولێر. (٢٢ .٢٠، ٣٠ تشرینی یەکەمی). قۆناغی هەرزەکاری، قۆناغێکی پڕکێشەیە.
HTTPS://HAWLERWEB.NET/HAMARANG/2022/11/40150
١٦. الدغيم، د. (٢٠٢٠، ١٩ کانونی یەکەم). إيجابيات وسلبيات الفيس بوك. موضوع.
HTTPS://MAWDOO3.COM/%D8%A5%D9%8A%D8%AC%D8%A7%D8%A8%D9%8A%D8%A7%D8%AA_%D9%88%D8%B3%D9%84%D8%A8%D9%8A%D8%A7%D8%AA_%D8%A7%D9%84%D9%81%D9%8A%D8%B3_%D8%A8%D9%88%D9%83
١٧. ماركلي. (٢٠٢٤، ١١ نيسان). مصطلحات إدارة مواقع التواصل الاجتماعي. HTTPS://MARKLY.NET/مصطلحات-إدارة-مواقع-التواصل-الاجتماع/
١٨. درەو میدیا. (٢٠٢٤، ٢٦ تەمموز). هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە عێراق.
HTTPS://DRAWMEDIA.NET/PAGE_DETAIL?SMART-ID=15419
١٩. إیاد حەمە شەریف. (٢٠٢٢، ١٠ کانونی یەکەم). جیابوونەوەی هاوسەران: هۆکار و ئامارەکان. دیپلۆماسی مەگەزین. HTTPS://DIPLOMATICMAGAZINE.NET/DETAIL/8015
٢٠. محمد. (٢٠٢٠، ٢٤ تشرینی دووەم). کاریگەریە نەرێنیەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر هاوسەرگیری و تەڵاق. پەیام تی‌ڤی. HTTPS://WWW.PEYAM.NET/DETAILS/16986
٢١.خەندان. (١٧. ٢٠، ١٦ ڕێبەندان). مەترسیەکانی بڵاوکردنەوەی وێنەی منداڵەکەت لە فەیسبوک.
HTTPS://WWW.XENDAN.ORG/LIFE/DETAILNEWS.ASPX?JIMARE=2686&BABET=35&RELAT=7038
٢٢. سميرة. (٢٠٢٣، ١٠ تشرینی دووەم/نۆڤەمبەر). مفهوم التواصل الاجتماعي وأهميته في المجتمعات. مفاهيم. HTTPS://MAFAHEM.COM/التواصل-الاجتماعي-وأهميته-في-المجتمعات
٢٣. مصطفى. (٢٠٢٣، ٢٠ ئاب/ئۆغست). تعريف التواصل الاجتماعي. موضوع. HTTPS://MAWDOO3.COM/تعريف_التواصل_الاجتماعي
٢٤. موم جنكشن. (٢٠٢٣، ٩ تشرینی دووەم/نۆڤەمبەر). ١٠ آثار سلبية لاستخدام الهواتف المحمولة على المراهقين. HTTPS://WWW.MOMJUNCTION.COM/ARTICLES/SIDE-EFFECTS-OF-MOBILE-PHONES-ON-TEENAGERS_00352682/

## دەربارەی ئێمە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/١ لەلایەن کۆمەڵێک لە دەستەبژێری ئەکادیمی، ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیران دامەزراوە. ئەم دامەزراوەیە وەک خانەیەکی هزری بونیادنەر، لەپێناو تێگەشتنی هاوبەشدا کار دەکات، بە ئامانجی دروستکردنی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دروستکردنی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

## دیدگا

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی زانیارییە و پردێکە لە نێوان توێژەران، ئەکادیمییان، سیاسەتمەداران، کۆمەڵگەی مەدەنی، هاووڵاتیان و ناوەندەکانی بڕیار، بە مەبەستی بونیادنانی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق.

## پەیام

- بەهێزکردنی کلتووری بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە بڕیارداندا بەمەبەستی کارکردن بۆ حوکمڕانییەکی دروست.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها داڕشتنی پلانی ستراتیجی بە مەبەستی بەشداریکردن لە گەشەپێدانی وڵاتدا.
- ئەنجامدانی گفتوگۆی بونیادنەر و بەرهەمدار بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی کۆمەڵگا.
- لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری، هەروەها پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بوارە ژینگەییەکان و گۆڕانی ئاو و هەوا.

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)

هەرێمی کوردستان - عێراق، سلێمانی
WWW.VISIONFOUNDATIONIQ.ORG

پەیوەندیکردن:

بۆ پرسیارکردن دەربارەی دەرفەتەکانی هاوکاری، داوای زانیاری زیاتر،
یان گفتوگۆکردن لەسەر هەر پرۆژەیەک ، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن:

INFO@VFSSIQ.ORG

دامەزراوەی ڤـــیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجـــی
مؤسســـة رؤيـــة للدراســـات الاستراتيجيـــة
Vision Foundation for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq